# تۆ دوا سنووری منی

کەریم دەشتی

١

ئێستاکە بوویت بە ترۆپکێ لەو چیایانە
بەڵام دواجار هەر ئەبیتە
لکە گیایێ لەو گیایانە.

٢

من گەڕیدەی سەر زەمینم، کتێب ڕێشاندەرە و قەڵەم
بوونم هەڵئەسووڕێنێ، لە هەردێ ئەمدا بە هەردێ
خەیاڵ هەروەک پۆستەبەرێ، دواجار بە تۆم ئەگەیەنێ
شیعر چارۆگەی سپی کەشتیمە، بای چیاکانم بۆ
ئەهێنێ
سنوورەکان هەمووی وەهمن
تۆ بووی نەخشەی سەرزەمینی منت کێشاو
تانوپۆی بوونی هەزار ڕەنگی منت چنی
من ڕێبواری ڕێیە دوورەکانی تۆم
تۆ دوا ئازادی و دواهەمین سنووری منی.

٣

ئەزانم ڕۆژێ دێ، لە ئەنوای تەنهایی کەڤرێکا
یا لە پەنای تەنهایی کوختێکا
یا لە سپێدەیەکی تەنهایی
لەژێر سینەی کپی چەترێکا، تەنیایی ئەمکوژێ
ئەو ڕۆژە قەڵەم و دەفتەر و کتێبم
لە دڵی تاوێرێ، لە فرین باڵ ئەکەم
ماڵاوایی لە ڕۆژ و لە مانگ و ساڵ ئەکەم
چاوێکم ئەبەخشم بە سروشت
تا مابێ وەک تابان، درەوشانەوەی خۆی ببەخشێ
بە سارای تاریکی بێ سنووری ئینسان.



٤

جەستەی خۆم، ئەبەخشم بە خاک پێی ئەڵێم
دێمەوە باوەشی پڕ میهرت
تا ڕۆحی ژاکاوم بۆ ئەبەد داکەوێ
کە تەنها لە باوەشی گەرمی تۆ
مرۆڤی ماندووی ئەم ڕۆژگارە
بۆ ئەبەد کپ ئەبێ و ئەسرەوێ.

٥

ماندووم ، وەک ئەو کەشتییەی
کە گێژەن ڕایئەژەنێ و ئەیسووڕێنێ
هەدادانی زەوت ئەکا و
نەخشەی هزری ئەشێوێنێ.

٦

بەناو ئازاری ئەبەدیی خۆما
ئەسووڕێمەوە و ئەسووڕێمەوە
بەڵام سەد ساڵە
لە هەمان شوێنی خۆمدا چەقیوم
ئاخر لەمێژە
لە پاسی ڕەشی ژین دابەزیوم.

٧

تۆ ئامانجی منی
تۆ ئاشقێکی غەمگینی ئەم ڕۆژگارەی
ئازادی و مەتەرێزی منی، خۆت ڕاگرە
کە ئەوین تۆی سووتاندووە و
دڵت کوانووی پڕ ئاگرە
ئەو بڵێسەی لە وێدایە
جوانیی خاک بەرپای کردووە
خامۆش نابێ تا هەتایە.

٨

پێم بڵێ تۆ
چۆن لە نێو کوورەی دڵمدا نەسووتاوی
خۆت لەبەر تاڤگەی خوێنمدا هەڵخستووە؟
کە تژی گڕ و کڵپەیەو
هەورەتریشقەی هەڵگرتووە؟

٩

تۆ وەکوو با، بەناو خوێنما هەڵئەکەی
بۆ هەموو لایەکم ئەبەی
یا مینا کەروێشکەی گیا
بەسەر ڕۆحما سەرئەکەی
وەک نامەیەک بۆ عاشقێ
ئەمپێچیت و لوولم ئەدەی
یا وەک چەند وردە شەپۆلێ
بۆ لای بڵێسەی ئاگرێ، سەرم ئەخەی
کاتێ کە بێدار ئەبمەوە
بەرچاو سەراپا سەرابە
تەنها کەسم لەسەر زەوی
بە تیغی تیژی تەنهایی
وەک برینی هەزار ساڵە ئەکولێمەوە
دواجاریش وەک لاسکە گیایێ
بەرەو نادیارم ئەبەی
ئەمخەیتە دەمی زریان و
لە دوورایی فڕێم ئەدەی.

١٠

چۆن ئاگری ئەو دڵەم هێورکەمەوە
کە دڵ پێویستی بە سووتانە
خۆشەویستی ڕەگوڕیشەی
لەناو کێڵگەی تەڕ و پاراوی گریانە.

١١

وەرە بۆ لام، کەی ئەو دڵەم ئەدەیتەوە
کەی ڕۆشنایی ئەبەخشیتەوە دوو چاوم
تەخت و تاراجی ئەوینت
لە ناو سینەم ببەیتەوە
وەرە بۆ لام ئەی پشکۆی ئەم تاریکستانە
سەرم پڕە لە دەنگ و سەدای جارانت
باخی ڕۆحم پڕە لە پڕووشەبارانت
دڵ تژی خۆڵەمێش بووە
پێویستی بە داگیرسانە.

١٢

تەنهایی خۆم، وەک ئازاری ئەبەدیی فەرهاد
لە بەر ڕۆحی بێستوونی غەمگین کردووە
تەنهایی خۆم وەک بۆنی چامەی غەریبی
لەبەر دڵی شکاوی نالی کردووە
بایەکانیش بۆ هەموو
درەختە دوور و نزیکەکانی بردووە
ئێستاش وەک عەتری دوای باران
بە ئاسمانی شار وەربووە

١٣

تەنهایی من وەک تەنهایی زەوی وایە
هیوایەتی فەلەک تۆزێ بوەستێت و
ڕۆژی حەسانەوەی دابێ
ساڵەهای ساڵە ئەسووڕێ و هەر ئەسووڕێ
بەڵام هەرگیز  تەواو نایێ
تەنهایی من.